مصطفى صالح كريم
ئەندامی یەکێتی ئەدیبانی عێراق

# شەهیدانی قەڵای دمدم



# شەهیدەکانی قەڵای دمدم !!

ئەوا ساڵ بەرە و پاییز ئەڕوات ، کاتی گەڵا ڕێزانەو لەهەرلایەک سەیر ئەکەی خەڵکە و هەڵپەی کۆکردنەوەی بەرو بوومی کشتوکاڵیەتی ، ئەوناوە هەموی هەرکەسەی ئەیبینی لەووڵاتی تەرگەوەڕو ، مەرگەوەڕو ، شنو ، وورمی هەمو بەختیار ودڵخۆشن کە سەرۆکایەتی عەشرەتی برادۆست دراوەتەوە بەئەمیر خان ، ئەو ئەمیرخانە مەردەی کە ناوی بەسەر همو زمانێکەوەیەباس باسی ، ئەمیرخان و قەڵاکەیەتی ، کەوا تازە لەتەواو بونی بوتەوە بەیارمەتی تیرە و هۆزەکەی ، هەمو دڵخوشن بەوەی کە شاە عباس ئەم سەرۆکایەتیەی پێ سپاردوە و دەستێکی زێڕینیشی بۆ کردوە لەجێی ئەو دەسە بڕاوەی کەچەند ساڵی لەوەوبەر بڕی یانەوە کەلەجەنگێکا بەر گوللە کەوتبوو لەیارمەتی دانی حاکمی سۆرانا ، زۆریان پێ خۆشبوکەئەمیرخانی (دەستلەپزیرین) ئەمقەڵاکونەی دمدمی سەرلەنوێ بۆ دروستکردنەوە ، بۆئەوەی لەکاتی تەنگانەدا فریایان کەوێ ؛ ئالەو کاتەدا ، دەمە دەمی ئێوارەیەک ، ڕۆژ لەئاوا بونابوو ، زەردە بە سەر چیاکانی کوردستانا ئەتووت چریسکەی ئاڵتونە ولەتاریکە شەوا دیارە ، تاقە سوارێک لەقەڵای دمدمەوە بەتاو ئەی کوتا بەرەو گوندێکی پچوک کە لەنزیک قەڵاکەوەبو ، تازەش ئاوا کرابوەوە زۆری دانیشتوانی لەوور می وە بۆی هاتبوون ؛ سوار چ سوارێ سەرتاپای لەفیشەکا زەردی ئەکردەوە تا دەست هەڵگری کەڵەگەت ئەتووت نەمامەو چوە بەئاسمانا ! ئەسپێکی کوێتی لەژێرا بوو سەرو کلک گر هەر قابیل بوو بەوشۆڕرە سوارەی بەسەریەوە بوو کەبەدەستێکی تفەنگەکەی گرتبوو ، بەدەستێکی تریشیەوە تونگ جڵەوی ئەسپە کوێتی گرتبوو

تاوی ئەدا وەک ئیشێکی زۆر پەلەی هەبێ تا گەیشتە سەرکانی وئاوی لەقەراخ گوندەکەوە لەپشتیەوە پەلە چنارێک هەبو چوە ناویان و دابەزی و ئەسپەکەی بەستەوە و خۆیشی بەدیاریەوە دانیشت ؛ وورده وورده ژنان و کچانیش کانی یەکەیان بەجێ ئەهیشت وبەگۆزەئاوە وە ئەڕویشتنەوە ئیتر ئەوەندەی پێ نەچوو کەتارمایی زەلامێک دەرکەوت بەرەو ڕووی ئەم ئەهات کە نزیک بوەوە وشەوقی مانگە شەوەکە لێیدا ، چی دەرکەوی ؟ "جوانی نە بکەی نە پخوی سەیری سای گەردنی بکەی" ، کچێکی بەژن و بالا بەرزیشۆخو شەنگ ، خرنگەی گوو بەرۆکی دلی هەزاران سواری وەک (سوارەی ناو چناری) ئەهێنایە جۆش‌هەر کە نزیکتر بوەوە خیرا ئەم هەلساو بەرەو پیری چوو بەدلیکی خۆشەوە پێی ووت :

ــ ئۆخەی ، ئەمەتوی (قیان) ، هاتی ، هەر ترسم بوو‌کەئیمرو نەتبینم .

ــ بەلیمنم . . . . عەودال بەگ ؟ چون بەخەیالتا دێت کەنەیەم ، تو ، یەگەلاوی برادوست ، تو ، تاقە کوری "ئەمیر خان" دلت بدەی بەمن ومن پارێزگاری نەکەم ، دەک ئەو دلە بەرخەنجەر کەوێ ئەگەر وانەبێ .

ــ نە گیانی عەودال وامەلی هەرگیز من ئەوەم بەخەیالا نەهاتوە ، بەلام ترسی ئەوەم هەبوو کە فرمانت هەبێ و نەتوانی بم بینی .

ــ بەخوا هەرکەبەمەحمودی نو کەرتا وەلامت بو ناردم ئیتر لەخوشیانا نەم ئەزانی چی بکەم ، کەئەم ئیوارەیە ئەتبینم ، توئەزانی لە کەیەوە نەم دیوی ؟

ــ ئا . . . ڕاست ئەکەی دەمێکە یەکترمان نەدیوە . . . بەلام خوت ئەزانی خەریکی قەلاکەبوین ، تەواوکردنی قەلاکە لەهەموو شتی گرنگتر بو لامان .

ــ باسی قەلاکەت کرد بەخوا زۆرم پێ خۆش‌بوو کەشکور تەواوتان کرد پێش ئەوەی باران بپارێ . بەڕاست من هێشتا ناوەوەیم نە دیوە ئەوە چۆنە ئەو قەلایە ؟

ــ ڕاستیە کەی تانەیبینی نازانی چیە وچۆنە ، بەلام هەرچی بەخەیالا



هاتوە باوکم تیایا دروست کردوە ، قوللەی شەڕ ، قوللەی پاسەوانەکان ، ژوری زەخیرەی جەنگ ، ژوری دەس و پیوەند ، ژوری سەربازەکان ،حەوزی بارانا و ساردا و . قەلایەکی تریشمان تیا کردوە هەرلەناویا باوکم ناوی ناوە (قەلای نارین) ئەوەیان هی خۆمانە ، .

ــ ئۆوە . . خۆزگە منیش تیا ئەبوم لەو قەلایەدا .

ــ تیائەبی بەپشتی خوا . . . بەلام جاری با نەختی بکەوینە سەرخۆمان ئەوکاتە بەیەکجاری ئەگویزینەوە قەلای نارین دوای زەماوەندێکی خۆش .

ئیتر کچە سەری نایە سەر ڕانی عەودال بەگو هەناسەیێکی هەلکیشا ، ئەویش دەستێکی هێنا بەو پرچ وئەگریجە خاویا تا دەستی کەوتە سەر چاو برۆی هەستی کرد فرمێسکی گەرم و گوڕ لەچاوەکانی ئەکەونە خواری ، زۆر بەهێمنی یەوە پیی ووت :

ــ ئەوە ئەگریت ؟ گیانە ئەوچاوە جوانانە بۆ گریان نە کراون . . . ئە وجووتە چاوە جوانە هەر بوئەوە کراوە کەچاوی کچە کوردی پێ بناسرێتەوە لەناو هەموو جوانانا کەسەر بەرزانە هەلیان بێنی وبیبرێتە چاوی دوژمن . . . پیم بلێ بو فرمێسکیان پیا دێتە خواری ؟

ــ چی بی لەتوی بشارمەوەقەلا بەرزەکەم . . . بەخوا ئەترسم پێک نەگەین وخۆشەویستیە کەم بەرمە خاکەوە لەگەلما :

ــ چۆن ؟ چون شتی وادێ بەبیرتا . . . تازەهیچ کوسپێک نیە لە ڕێمانا . . لەدەربەدەری و کوێرەوەری وئەم شاخەو شاخ ڕزگارمان بوو ،قەلاکەمان تەواو کرد ، . . . تازە ئیتر هیچ هیزێک نیە لەجیهانا لێکمان جیا بکاتەوە .

ــ دە شەرت بێ منیش بەتو نەبی شوو بە کەسی تر نەکەم . . ئەگەر بۆ تو نەبم ئەبێ کفنەکەم بەرگی بوکینیم بی . . بەلام دلم زۆر بێ ئارامە ، . هەر دەمەی شتێ ئەبیستم وکارم تێ ئەکا .

لەپڕ خشپەیەک هات لەناو چنارەکانا . . خیرا عەودال بەگ دەستی دایە تفەنگەکەی وفیشەکی بردە بەر لوولە کەی وخوی ئامادە کردو نەڕانی :

## ٤

ــ کێی زەلام؟ کوژرای .

کابرایەکی چەتەوڵی رەشتالە هەلسایە سەر پێ و بەزمانێکی تێکەل و پێکەلەوە :

ــ منم گەورەم . . . منم مەحمودی نۆکەرت . . مەحمود کیهەکانی

ــ چیت ئەوێ خولەم ئەوە بو هاتوی بەم شەوە ؟

ــ میرم بەخوا باوکت فەرموی لەهەر شوێنێک بێ بیێم بەدواتا چونکە کاری پێت هەیە .

ــ دەبرورە سەر کانیەکە وا منیش سوار ئەبم ودێم عەودال بەگ دست ئەکا بەکردنەوەی جلەوی ئەسپەکەی لەچنارەکان ورۆو ئەکاتە (قیان) پێی ئەلی : با بتخەمە پاشکوم وبتبەمەوە بو ناودی بەلام کچە بە توررەییەکەوە ئەلی :

ــ هیشتا کچانی برادوست وایان لی‌نەهاتوە لەکەس بترسن ، هەروا ئەلی و دەست ئەکا بەبەرباخەلیا لەژیر سوخمەکەیەوە خەنجەریک دەرئەهێنی وبەرزی ئەکاتەوە مانگە شەوە کە لی‌ی ئەدا ئەبریسکیتەوە لەبەرچاوی عەودال بەگ ، ئەمیش دەست ئەکاتە ملی و ناوچەوانی ماچ ئەکاو پێی ئەلی :

ــ ئەبی (ئەمیرخان) بووکی وەهای بی !

بەلام قیان سەرئەنیتە بناگویی عەودال بەگ و ئەچرپێنی :

ــ بە خوا من زور لەخولەی نوکەرت ئەترسم ، پشتی پی‌مەبەستە ، ئەتواری باش نابینم .

ــ بو . . چی کردوە . ؟

ــ راستیە کەی گەلیک جار کەناردوتە بو لای من دەورو خولم ئەداو هەندی جار قسەی واشی دەربریوە کە بونی ئەوەی لی‌بی دلی پیمەوە بی ، بەلام من هەر بەبی ئەهمیەت تەماشام کردوە و بەتوشم نەوتوە بەلام ئیمشەو بەیەکجاری دلم لی پیس کرد . . . چونکە بەخشپە کەیدا دیاربوو کەخوی گرتبو لیمان .

## ٥

ــ کچی ، دە ووس بە . . شتی وڕچیە؟ خولە کیهەکانی نوکەرم بی بەوە دلی لی پیس بکەم . بەسەری ئەمیرخان بزانم لەکانی دلیەوە بەچاوی خیانەت تەماشات ئەکات هەموو پەراسوەکانی سوور ئەکەم بەخەنجەر . . جاری بە دوعا ئەمەی ووت و مامزەدالەقەبرغەی وولاخەکەی و کوتای هەرلەتاوی غــارا بانگی کرد مەحمو . . دوام کەوەبا بروین . . بەجووتە رویان کردە قەلا کەباسەوانەکان ناسینیان دەرگایان لی‌کردنەوە وچونە ژورەوە .

*****

گەلی لەپیاوماقولان وسەردارانی کورد لەدیوەخانی ئەمیرخان دانیشتبون دەستەیە خزمەتکاریش کەلەفیشەکا زەردیان ئەکردەوە هەمو دەست لەسەر مشتوی خەنجەر راوەستابون و چاوەریی فرمانیان ئەکرد . . . هەر کەعەودال بەگ خوی کرد بەژورا وسلاوی کرد گەلی لەدانیشتوان بەرزە پی هەلسان لەبەری تا دانیشت ، ئیتر باوکی بی ئەوەی لی‌ی بپرسی لەکوی بوە روی کردە دانیشتوان و ووتی :

ــ هە مو لایەکتان ئەزانن کەمیللەتی ئیمە سەری بو کەس شور نەکردوە و ملی دانەنەواندوە بوباری بیگار ، وەئاشکراشە کەهەریەکی لەئیمە نیشانەییکی جەنگی پیوەماوەوجی برینیکی لەلەشا هەیە لەریی خاکی کوردستانا ،. لەپیناوی ئازادی و سەرفرازی‌دا .

ــ بەلی . . بەلی گەورەم راست ئەفەرموی .

ــ ئیستاش کەمن هاتمەوە بو ئیرە وپیتان شادبومەوە گەز گەز بالام کرد بەوەی کەئەگەر بشمرم با لەخاکی خوما بنیژریم .

ــ مەرگی ئیمە لــەپیش تودا ئــەبی‌میرم . . هــەمومسان سەرمان لەپیتایە!

ئەمیرخان نەفەسیکی دا لەقلیانە کەی ورووی تیکردنەوە :

ــ لەگەل ئەوانەشا من بیرم لەوەکردوە کە پیویستەئیمە هەمیشە ئاگامان لەدواروژبی وئەوە بزانین کەریگای بەئاوات گەیشتنی‌کورد بەنیرگسو ریحانە

نەچینراوە بەلکوهەزارەها چقل ودرکمان لەسەر ریدایە ، لەبەرئەمانە ئەوەبو کە بریارماندا بەهیمەتی مەردانەی ئیوە قەلاکە تازە بکەینەوە وسەری خومانی تیا کز بگرین وچاوی دوژمنی پی بترسینین ، و بە ئازادی تیا بژین .

"عەودال بەگ زور باش روی کردبوە باوکی و گویی لی‌گرتبو هەلیدایە و ووتی ":

ـ بەلی ، بابە . . ئەمە راستە . . ئەم قەلایە نیشانەی سەختی گرتنی خاکی کوردستانە ، بەلام هیچ بوە کەببیتە هوی ئەوە جەنابتانی پی‌زیز بوبن .

ـ کوررم . . " دەستیکی راکیشا بو (پیاوانی کورد) " من ئەمانەم لە گەلابی هیچ شتی نیە پەستم بکات بەلام وەکو زانیومانە ـ ناحەنەکانمان بەتایبەتی (پیربوداق بەگی ئازربایجان) لای شاعەباس بویان تی‌چاندوین کەگوایا من ئەم قەلایەم بویە سەر لەنوی دامەزراندوتەوە کە نیازی یاخی بونم هەیە لەشاه ، ئەویش بەهەمو راویژو تەگبیریکیەوە وەلامی بو ناردوم کە بیست هەزار چەتەی جەلالی کەلەخاکی عوسمانی‌یەوە هەلاتون‌و (قویوجی مراد) پاشا راوی ناون ، ئەبی هەشت هەزار کەس لەم پیاوخراپانە بهینمە ناو ئیوەوەولەگەل ئیوەدا هەلسن وهەمویان لەوولاتی برادوست نیشتەجی بکەم .

یەکی لە ناودارانی شنو دەستی دایە خەنجەرە دەبانە دەسک سپیەکەی وهەلیکیشاو ووتی :

ـ سویند ئەخوم بەخاکی‌کوردان ، بەنوکی‌تیژی ئەم چەکەی کوردستانم پی‌پاراستوە مەگەر بەسەر لاشەکەما باز بدەن‌وبین لەم خاکەدا کورینی بکەن .

عەودال بە گیش دوا بەدوای ئەو ووتی :

ـ بەسەری ئەمیرخان قەستەم ، تا خوینم نەریژری نەیەلم پیاویکی قزلباشی و جەلالی لەبەر ئاوینەی قەلای ناریندا دەست بەسمیلیا بهینی .

ئیتر یەک یەک پیاوانی دیوەخان بریاریان لەسەر ئەم دوو سویندەبو ، لە دواییدا ئەمیرخان رووی تی‌کردنەوە و ووتی :

ـ پرس و راویژ باشە ، بویەم کوکردنەوە تالەمەبەستتان بگەم ئەوا تی



گەیشتم کەهیچتان لەو بیرەدا نین کە ئیمە سەر بوفرمانی شا ، دانەوینین . کەواتە بائەم جارەش لەپیناوی کوردستانا ئەم جەنگەش بکەین یان مردن بەبەرزی . . یان ژیان بەئازادی . هەرکەئەمەی ووت بریسکەی خەنجەری هەلکیشراولەهەرچوارلاوە ئەتووت بروسکەی ئاسمانەو چەخماخە ئەدا . . بەم پی‌یە بریار درا لەسەر جەنگ و بەرهەلست کردنی فرمانی شا .

*****

بو روژی دوایی دەست کرا بەگواستنەوەی چەک وزەخیرە بوناوقەلا ، هەرپیاوی دەستی تفەنگی پی‌ئەگیرا مەردانە روی کردە قەلاکەو لای ئەمیرخان پەیمانی جەنگی‌دا تا مردن ، عەودال بەگیش پاش پرسی باوکی مالی قیانی خوشەویستی بەخاووخیزانەوە لەناودی‌ییکەوە هینا بو قەلاکەو لە قەلای ناریندا دای بەزاندن کەجی‌ی دانیشتنی ئەمیرخان خوی بو ، دەس‌کرا بەپیک هینانی ریگەدانان وچونیەتی جەنگ وخو پارستن ئەمیرخان قوللەکانی دابەش کرد وەلەهەر قوللەیەکیانا یەکی لەدلیرانی کوردی کرد بەسەر کردەی قوللەکە و چەند پیاویکی تری خستەژیر دەست بو ئامادە بوون بو روژی جەنگ . . جەنگی ژیان ومردن !

لەدوای ئەم ریکخستنە هەموی دوو روژی پی‌نەچوو کەپاسەوانی سەر "بورجەکان" بەکەررەنا لەشکری ناوقەلای ئاگادار کرد کەلەدوور هیرشی لەشکری دوژمن توزئەکات ، ئیتر دەس بەجی دەرگای قەلا داخرا ودەست درایە تفەنگ‌وتوپچیەکان خویان دایە پال توپەکانیان و ناوقەلا کشومات بو ، نەدەنگ‌ما نە چرپە ، ئەوەندەی تری پی نەچو کە دەنگیک لەسەرەوە بە رز بوە وە :

ـ تاقە سواریک ئالایەکی سپی هەلکردوە ونامەیەکی بەدەستەوەیە دیارە ئەیەویت بیگەیەنی بە "خان" . ئەمیرخانیش کەگویی لەم بانگەوازە بوو سواریکی ناردە دەری قەلاکە ، کەبچی ئەونامەیە بهینی ، هەرکە بویان هینا هەلیچرری و دەستی کرد بەخویندنەوەی بەدەنگی بەرز و سەردارانیش

## ٨

هەمو گوییان راگرتبو :

"بو سەروکی حکومەتی تەرگەوەرو مەرگەوەر وئورمیو شنو ، سەر داری عەشرەتی برادوست ئەمیرخانی مەزن ؛ ئەوا هەشت هەزار سوارەی جەلالیمان نارد لەژیر فەرمانایە ، بو ئەوەی خوتان یان عەودال بەگی کورتان لەگەل هەندی لەسەردارانی برادوست و دوسەد سواریکتان لەتدکیانا بن و بچن ئەم لیقەوماوە هەلاتوانە جیگیر بکەن ئەمە بوجاری دووەمە ئەم فەرمانە تان ~~پی ئەسپیرم~~ ئەبی بەزانایانەیی و توانایی خوت بیبەیتە سەر ؛ وەبەپیچ
تان پی‌ئەسپیرم ئەبی بەزانایانەیی و توانایی خوت بیبەیتە سەر ؛ وەبەپیچەوانەوە ئەگەر هەر لەسەر ئەو بروایەی کەنابی جەلالی لەکوردستانا بن ئەوا حەسەن خان ئامادەیە بو جەنگ"

نامەکە بەئیمزای شاعەباس بوو ، هەر کەلەخویندنەوەی‌بوە وەسەریکی بەرزکردەوە وەک چاوەری‌ی قسەیەکیان لی بکا . . لەنا کاوا دەنگ لەهەر چوار لاوە بەرزبوەوە کەبستی خاکی خومان بەبیگانە نادەین . . شاە نیازی خراپە لەمکارەدا . . . هەرگیز بەمە قایل نین لەهەموو لاوە ئەم قسانەیان ئەکرد .

ئەمیرخان لەسەر ئەم بریارەیان نامەیەکی بچکولەی نارد بو حەسەن خان تیی گەیاندن کە یان بگەرینەوە دواوە یان ئامادەبن بو شەرر .

*****

لەبەرە بەیانا شەرر داگیرسا ، ئەو قەلایچەیەی بەدەست عەودال بەگەوە بوو ئەوروژە پالەوانی‌تی‌یەکیان نواند کەشایانی ئەوەبی پشتاو پشتی کورد بە شانازی‌یەوە بیگیرنەوە چونکە هیچ تفە نگچیەکیان گوللەیە کیان بە خەسارنەئەدا ،هەموو گوللەیەکە یان جەلالی یەک یان کلاوسووریکی لەسەر ئەسپ حەوا ئەداو ئەیکوتا بەزەویدا ؛ کاریکیان پی کردن با بەدەواری شرری نەکردبی ، قیانیش خیرا خیرا عەماری تفەنگەکانی بو پرر ئەکردنەوە وهانی‌ئەدان :

ــ روژیکەوهەرئەمرو دەرسیکیان دا بەدژمن هەرگیزلەبیریان نەچیتەوە .

عەودال بەگیش دەستی ئەنا بەپەلە پیتکەی تفەنگاو گابوریکی ئەخستە

## ٩

ناو دوژمنەوە ئینجا بەدەم پیکەنینەوە رووی ئەکردە قیان :

ــ قیاە ! گیانی من ، نمونەی بەرزی کیژولەی کوردستان ، ئەوگوللەیەی تو بوم بخەیتە عەماری تفەنگەوە ، گەر راستەوخو بە سەردلی دوژمن نەکەوی شەرتە بەگوللەی نەزانم .

بەم پی‌یە چەند روژی شەرر دەوامی کرد بەگەرمی ، کوردانی ناوقەلا لەهیچیان کەم نەبوو خواردەمەنی‌یەکی زوریان لەلابو ، وەبەژیر زەویدا خەندەقیش‌هەلکەندرابوو ، بوسەرکانی‌و ئاویکی خوش‌کەدوژمن هەرگیز پی‌ی نەئەزانی ، ئالەو شوینە بەسەربەستی ئاوی پیویستی خویان بەژیر زەویدا ئەهینا . بەپیچەوانەی قزلباشیەکانەوە کەبەرەللابون‌و وەک بەدەشتەوە بن وابون لەبەرچاوی شەر کەرەکانی ناوقەلا . . لەبەرئەوە ئەوەندەی نەخایان کەحەسەن بەگی سەرکردەی لەشکری دوژمن هاواری لی هەلساو پەنای بردە بەر شاە عەباش کەفریای بکەویت .

*****

دنیا ساردە ، بایەکی هەیە تف هەلدەی ئەیبەستی ، ئەوانەی کەدەست وچــاویان ئەشون ئەبی ماوەیەک فوو بکەن بەدەستیانا نەک بیبەستی ، میر ئاودال خان لــەگــەل عەودال بەگی کوری ئەمیرخانا ئەهاتن و ئەچون و پیلانیان بوئەم جەنگە دائەنا وبیریان لەدوا روژیکی پرر بەختیاری ئەکردەوە ، بەدەم هاتو چووە میر ئاودال خان روی کردە هاوریکەی‌و ووتی :

ــ میرم راست ئەکەی ئیمەیش هەمومان لەو بروایە داین کەئەبی ئەم ــ خاکە پاک بکەینەوە . . ئنجا پیاو لەروژیکی وادا بشکوژریت قەیناکات لە پیناوی بەرزیتی وولاتیا .

ــ ئەری ئەوە ئەوگرمەگرمە چیە لەقوللەکانەوە ؟، ئەها سەیرکە یاساولەکان کەوتنە خویان ئەوە بورری ژەنەکەش خەریکە فوو ئەکات بەکەرەناکەیا دیارە شتیک بوە .

ــ دەبا بچین بولای باوکم بزانین چیە .

هەر کەبە جووتە گەیشتنە لای ئەمیرخان پیاویک نامەیەکی پیشکەش کرد بەئەمیرخان و ووتی .

ــ گەورەم لەشکریکی یەگجارزور گەیشتنەبەرەوە تاچاوبرركات چادریان هەلداوە ، ئەم نامەیەشیان بەتیریکەوە هەلداوە بوناو فەلاکە قەرمو بزانن چیە ؟

میر دەستیکی نابوەبەر پشتینەکەی و خەنجەرە مشت ماهی یەکەی بەو لادا لادابوو زەردە خەنەیەک گرتی و رووی کردە میرئاودال بەگ :

ــ ئا بزانە ئەم جارە چی یان لیمان ئەوی ؟ دیارە ئەبی گور هەلکە نیان زور لەگەلابی پاش ئەوکارە رەهاتەی بەسەریان هینرا .

ئاودال بەگ کەنامەکەی کردەوە بی وەستان دەستی کرد بە خویند نە وەی :

(بەپیی فەرمانی شاه واچوار دەورەی قەلا ئەگرم ، لەشکریکم لەگەلایە بیست ئەوەندەی هیزی ناو قەلاتانە ، هیچ دەرفەتتان نیە ، لەنجا بو ئەوەی خوین نەریژری داوات لی ئەکەم تەسلیم بی ودەرگای قەلا بکەیتەوە وقەلاکە بەجی بهیلی ، ئەگینا لەپاش بیست و چوار سەعاتی تر قەلائەدەینە بەر بومبا و گوللە توپ )

ئاودال بەگ لەدامینی نامەکەوە ئەمەشی خویندەوە : "سەر کردەی لەشکروەزیری اعظم معتمد الدولە ، روژی پینجی کانونی یەکەم سالی ١٦٠٨م ریکەوتی بیست و شەشی شەشەلانی (شعبان) سالی ١٠١٧ هجری" ئەمیرخان سەریکی باداو لەبەرخویەوە ووتی :

ــ هەرئەوە ماوە شاه عەباس خوشی تەشریف بهینی . . بەلام ئەبی هەموو دنیا بیزانی کەسەردارانی برادوست نەمل بو وەزیری اعظم کەچ ئەکەن و نە کرنوش بو شاه عەباس ئەبەن ؛ سەریکەو هیناومانە یا سەرکەوتن و حەق وەرگرتن . . یان خو بەخت کردن و کوشتن .

هەر لەقسە کەی بووەوە خیرا ئیتر بی وەستان دەستی کرد بەفەرمان



دەر کردن وجی قایم کردن ودابەشینی زەخیرەی جەنگ و ریک خستنی چونیەتی بەربەرەکانی ودان بەخودا گرتن .

*****

ــ میری خوشەویست عــەودال بــەگ دە نە ختیک بنوو ، وەرە سەرکە سەر ررانم .

ــ گیانی مِن قیان . . کاتی نوستن نیە کاتی ئەوەیە کە هەرچاویکم بکەم بە دوان وخەو لەچاوم حەرام بکەم .

ــ ئاخر گیانە کەم وا بو چوار مانگی تەواو ئەچی ئەم قەلایە دەورە دراوە وقزلباش وجەلالیّ وەک جانەوەر گەمارویان داوە ، تو لەم ماوە یەداکەمیک تامی حەوانەوەت نەچیشتوە .

ــ فریشتەی شیرینم ، ناوخوش گیان ، خو تو لەمن زیاتر هیلاک بوی توش لەم چوارمانگەدا ئەم قەلاییچەیەی منت بەجی نەهیشتوە ، یان خیرا خیرا باروت و گوللەت بو هیناوین یان نان و ئاوت بەشیوەتەوە بەسەرمانا ، یان بریندارەکانت بو تیمار کردوم .

ــ هیوای دلە رەنجەرو کەم . . ئەمانەی من هیچی بەوە نابی کەتو هەر شەوە ناشەوی بەخوت و تاقمی تفەنگ چی پیش مەرگەوە خوت فری ئەدەیتە ناو ئەو ئاگرە سورەوە وشەبەیخونی ئەکەی ئەزانی حالم چیە تا تو دییتەوە ؟

ــ رەنگە بزانم ، چونکە خوشم لەکاتیکا کەتیری ژەهراوی ئاراستەی سنگی دوژمنان ئەکەم ، لەکاتیکا بەناوررەوەو ولاخیانا خوم ئەدەم بە چادرە کانیانا ، لەکاتیکا کەلەپشتەوە خومان فری ئەدەینە سەر پشتی یاساولەکانیان وبەیدەسیان ئەکەین . . بەکورتی لەتەنگانەم ولەسەر کەوتنما پاش کوردستان تاقە یەک ناو بەدلما دیت و لەقورگی خنکاوما ئەمینیتەوە کەئەویش ناوی تویە . . لەبەرئەوەیانە کە زورتر هەول ئەدەم هە ( جاری بەسەلامەتی بی ینەوە .

ــ دە باشە روناکی چاوی قیان ؛ کەواتە باهەردوکمان کەمیک بنوین . . بەتایبەتی ئەوە ماوەیەکی کەمە دەنگی تەقە کزبوە دیارە کە دوژمنانیش لە

## ١٢

خرپەی خەوان .

ــ کەواتە باشە سەعاتیک ئەنوم بەلام با یاساولەکانی قوللەی خومان تەمی بکەم زور ئاگادار بن .

لەقوژبنیکی قەلاکەوە قیان راکشاو ، خەوی لی کەوت ؛ عەودال بەگ مشکی یە کەی سەری خوی پیا داو خوشی چوە سوچیکی ترەوە تفەنگە کەی لەپال خویەوە راکیشاو کلاوەکەی هینایە سەر چاوی وبی‌دەنگ بوو .

لەکاتیکا کەعەودال بەگ وقیان لەم گفتو گویەدا بون ئاگایان لی نە بوو کە (خولە کیهەکانی ) چون لیوی خوی ئەکروشت وپریشکی ئاگر لەناوچا وانی ئەباری وخیرا خیرا بەتورەییەکەوە فیشەکی ئەبردە بەر لولەی تفەنگەکەی . . بەلام دیاربووکەزوربی‌ئارام بوو . . . زوری پی ناخوش‌بوو کەئەم دووشوخە وا پەیمان پەروەرو دلداری راستی یەکتر بن . . هەر بیری لەوە ئەکردەوە چون تولەیان لی بسینی لەدوای لیکدانەوەیەکی زور لەدلی خویا ووتی :

شەرتە نەهیلم بەخوشی بیخون ، بەلام ناشتان کوژم بەدوو گوللە و ببرینەوە ، ئەبی بریاربی بەتینویەتی بتان خنکینم . هەرئەم خەیالەی بە بیراهات‌کوتوپررچوەلای فەرمانداری دابەشینی ئاو وپرسی پی کرد کە ریگای بدات ئەمجارە نورەی ئەوبیت بەژیر زەویەکەدا بروات‌بوکانیە دوورە کەو ئاو بهینیت ، ئیتر ئــەو رویــشتنە بو کە رویشت . . . هیچ دیار نەبوو کاتی کە عەودال بەگ راپەری لەخەویکی گران خیرا بانگی کرد :

ــ مەحمود . . مەحمود . . ئەوە کوا مەحمود ؟

ــ بەخوا چوە خوارەوە نازانین . (یاساولەکان ئەمەیان پی ووت ) ئیتر دەست بەجی ئەمیش هاتە خواری و پرسی کرد تا تی‌یان گەیاند ، لەمە زور سەری سوورما خیرا پیاویکی نارد بە دوایا ، پیاو رویشت ونەهاتەوە ، لەبەر ئەوە بریاری دا هەرچونی بی خوی بچی بو تاقی کردنەوەی سەرگانیەکەو بزانی خولەی نوکەری وپیاوەکەی تری چی‌یان بەسەرهات .

وورده وورده بەژیر زەمینە کەدا رویشت تانزیک بوەوە لەزار کە کەی

## ١٣

لــیــرەدا ئیتر کەوتە خوی وزور بەهیمنی وبەئاگاداری یەوە ئەرویشت لەپرر گوی‌ی لەدەنگی خولەی نوکەری بو کەبەپیاوە کەی تری ئەووت :

ــ بــەلــی ، من کانیەکەم پیشان قزلباش دا ، من هینامنە سەری ، با هەمویان لەناو قەلاکەدا لەتینوا بخنکین ، با عەودال بەگ زمانی ووشک بی وتوانای مژینی گونای قیانی‌نەبی ،خومن‌شیت بوم ، میشکم تەقی ، ئەمەندەم گویم لەرازوخوازیان‌گرت لەقوللەکەدا ولیوی خوم کروشت ، ئەگەر بم ویرایە شەرتە پارچە پارچەم ئەکردن .

عەودال بەگ گویی لی‌بوو کەپیاوە کەی تری بەدەست قزلباشیەکانەوە خوی را ئەپسکان وئەیووت :

ــ بەرم دەن با ئەم خائنە ناپیاوە ناپاکە بکوژم جا چیم‌لی‌ئەکەن لیم بکەن ، لەگەل قسە کەی تەواوکرد ، عەودال بەگ گویی لەهاواریک و نالەیەک بوو خولەش دوا بەدوای ئەیووت :

ــ دەبخو؛ ئەوە گورت بی تازە من بەتەمای چیم ، بەخوا هەرکامیکتان بینە سەر ئەم ئاوە ئەبی ئەم شیرە بکەم بەوورگی‌یا .

عەودال بەگ تی‌گەیشت کەمەحمود کیهەکانی چەپەلی خوفروش پیاوە برادوستیە مەردە کەی کوشت ، هەر چونیک بو خوی زەوت کرد و پاشەوپاش گەرایەوە بو ناوقەلا وبی‌ی ووتن :

ــ ئــیتر ئــاوی خواردنەوەمان نەما ، دەست بگرن بەو نەختە ئاوەی لەچالە کانا هەیە .

**×**

شەوە ، تاریکە ، چاو چاو نابینی ، چراکانی ناو قەلا گەلیکیان کوژینراو نەتەوە تا دوژمن شوینی تەقە نەدوزیتەوە ، تاکو تەرا چرای داگیرساو هەیە لەهەندی لەو ژورانەی کەنزمن وقوللەو پەنجەرەیان تیانیە روناکی بدات ، سەربازە کوردەکان بەیەکا دین وئەچن ، بەشیکی زوریشیان لال وپال لی‌ی کەوتون ، یان بریندارن یان لەتینوانا زمانیان نیە ، ئەمیرخانیش ژور بەژور

قوللەبەقوللە ، ئەم قەلاییچە ئەو قەلا ئەگەری و سەربازەکانی بەسەرئەکاتەوە و هانیان ئەدا کەدان بەخویانا بگرن ، پاش تەنگانە شادمانی‌یە . . وەخیرا خیرا ش پی‌ی ئەوتن :

ــ هەرکەسیکیش لەخوی رانابینی شەرر بکات یان بروای بەهیزی ئیمە نیەو دلی گوریوە فەرموو دەرگای قەلای بو ئەکەینەوە بروات تەسلیم بی .

بەلام ئەوکوردەمەردانەکەهی وایان بوو ، بو دلوپیک ئاو چاوی راستی خوی ئەبەخشی ، ئەوزمانە پەلاسەیان ئەهینایە دەرەوە وئەیان خستەوە ناو دەمیان و دەستیان ئەدایە شیرو تیریان لەروی ئەمیرخانا بەرزیان ئەکردەوە ئەیان ووت :

ــ میرم ، گیانی ئیمە لەگیانی ئیوە شیرین‌تر نیە ، ئەگەر مردن بی باهەموان پیکەوە بین ، ئەگەر رزگاری‌و سەر کەوتنیش بی با بی بەش نەبین ؛ با شادە مەرگ ببین بەبینینی ئالاکەمان .

هەروا ئەمیرخان شوینەکان گەرا تا گەیشتە قەلاییچە کەی عەودال بەگی کوری‌کەسەیری‌کردواسەری قیانی خستوتە سەر رانی و ئەمیش چاوە گەشەکانی تی بریوە ودەستی ناوەتەناودەستی بەلام زور بی‌هیزو لاواز دیارە ، هەرچەندی‌کرد پررکیشی نەکرد بچیتە پیشەوە لەپەنایەکەوە وەستا کەئەوان نەیبینن گویی لی بوو عەودال بەگ ئەیووت :

ــ پەری‌یە کەی بەهەشتم ، کوا زەردەخەنەی روژانت ؟ بو کوی چو ئەو هەمو سوراییەی سەرگونات ؟ کوانی هەلپەو پەلاماردانی شەوانت ، تینویەتی بو وای لی کردی ؟ کی‌عەماری تفەنگم بو پررکا ئیتر قیان گیان ! لیت ناگرم خونچەی سیس بوی باخی خوشەویستیم ! لومەت ناکەم ماوەی دەروژ بەئاوی بوگەنی باراناو وئاوی بەفری تواوەی چالە بەفر رات بوارد لەگەلمانا ئەمەش بو دەروژ ئەچی کە ئەویشمان نەما ، ئەودەمە کشمیشیە جوانەت تەررایی نە دیوە ؛ لومەت ناکەم چونکە منیش کسپە لەسەر دلمەوە دیت ، وا زمانم ووشک ئەبی . . . شەرتە سویند ئەخوم بەو خوشەویستی یەی کەپیوەی ناونراوی بەو



جوانی‌یەی کەیەزدان پی‌ی بەخشیوی ، بەرەنگی هەلبزرکاوت و گونای پوکاوەت ئەبی ئیمشەوئاوت بو بینم ئەگەر لەبارەگای دوژمن هیناومە یان ئەوەتا سەرم دائەنیم لەپیناوی ئەم ئازارو سزایەی کەوا بەبەر چاوممەوە ئەی چیژی !

قیان‌چاوەکانی کردەوەودەستی عەودال بەگی راکیشا ئەیویست نەهیلی بروات وخوی نەهاویتە قورگی دوژمنەوە ، بەلام بی‌سوود بو چونکەئەم سەری قیانی لەسەررانی لابردو هەلسا هەر کەویستی لەقەلاییەکەبیتە دەری لەپرر چاوی بەباوکی کەوت ئەویش بەبی وەستان روی تی‌کرد :

ــ کورم گویم لەسویندەکانت بو ، بەرهەلستیت ناکەم ، بەرخی نیر بو سەربررین باشە ، چەند پیاویکی چابوک لەگەل خوتا بەرەو خوا ئاگای لیت‌بی

ــ بەلی گەورەم .

عەودال بەگ ئەمەی ووت وهاتە خواری پینج لاوی ئازای بەجەرگی هەلبژاردوهەریەکەش جەوەنەیەک وسی مەتازەیان هەلگرت و چەکی پیویستی چی‌بوو دایان لەخویان وسەرو دووسی چەقوی تیژیشیان کرد بەبەر پشتینە کانیاو بی دەنگ سووچیکی دەرگای قەلاکەیان بو کرایەوەو چونە دەرەوە .

بەخوخشاندن بەزەوییە کەدا وبەماتە ماتە رویشتن تا نزیک رەشمالیک بونەوە کەبەدیار کانی‌یەکەوە هەلدرابوو هەموو سەربازەکان نوستبون جگە لەدوو یاساول نەبی کەلەبەردەمیا ئەهاتن وئەچون ؛ هەر یە کەمینان کەروی کردە ئەمان عەودال بەگ بەهەموو هیزی خوی چەقویەکی تیژی تی‌گرت کە راست چەقیە سەردلی و بەدەما کەوت بەزەویدا ؛ یاساولەکەی تریان کە ئەمەی دی ئاوری دایەوە بزانی ئەمە چیە لەپشتەوە یەکیکی تریان خوی فری دایە کولی ودای بەزەویدا وتا نەیکوشت وازی لی‌نەهینا . . ئنجا هەر شەش زەلامە کە هەریەکەیان لەلایەکەوە هاتنە سەر کانیە کە بەماتە ماتەو بی‌خشپە ، جەوەندەومەتارەکانیان پررکرد لەئاو ، پاش ئەوەی خوشیان تیر ئاویان خواردەوە ئنجا بەهیواشی کشانە دواوە بەرەو قەلا !

ناو قەلا بوو بەهەراو هوریایەک کەهەرگیز چاوەروان نەئەکرا ؛ دەست

كرا بەدابەشینی ئاوە كە قوم قوم بەسەر نەخوشەكان وبی هیزەكانا كە بو ئاو پەریشان بوبوون ، ئازایەتی ولی بوردنی ئەم قارەمانانە لیرەدا لەلوتكەی هەرە بەرزیدا دیاری ئەدا ، ئەمیرخان بەدەستی خوی ئاوەكەی ئەدانی ، بە هەركەسیكی ئەدا تكای لەئەمیر ئەكرد كەبیدا بەئاوەلەكەی ، ئەو پەریشانە . . عەودال بەگیش مـەتـارەیەكی برد بولای پەریزاد خانی دایكی كەلەقەلای نارینا بوتكای لی كرد نەختیكی لی بخواتەوە وئەویتری بەری بوقەلاییچەكەی خوی بیدات بەقیان وبەسەربازەكانی .

پەریزاد خان چوە ژور سەری قیان كەوەك درەختیكی سەوز وئاوی لی برابی وای لی هاتبو ئەو رەنگە جوانەی ژاكابو یەک دوو دلوپ ئاوی تكانە دەمی ، لیوەكانی پی تەر كرد وزمانی كەمیک كەوتەگەران ئیتر ووردە ،ووردە، ئاوەكەی ئەكرد بەدەمیەوە تا بەتەواوی هەستی پی كرد كەقیان تینویەتیەكەی شكاو چاوەكانی هەلبری ، ئنجا چوو بەلای سەربازەكانەوە ئەوانیش مەتارە كەیان وەک یەک لەناوخویانا بەش كرد ، كاتی عەودال بەگ هات بولایان وسەیری ئەوچاوانەی كرد كەهەموی بەرامبەر بەو هەلیان هینابو تی گەیشت كەتاچ رادە یەک ئەو سەیر كردنە مانای سوپاس ئەگەیەنی ، بەتایبەتی چاوەكانی قیان .

*****

بەلام ئەم شادیەو دەم پاراو بوونە زوری نەخایان هەر بوروژی دوایی كەجەنگ دەستی پی كـردەوە وقـەلا درایە بەرگوللە توپ و تفەنگ ناو قەلا شلەژایەوەتینویەتی كاریكی زوری كردە سەریان . . لەگەل ئەوەشا شەریكی زور بالایان ئە كرد چونكە بوهیوایەک بوو بو ئامانجیک !! لەبەرئەوە شەرر نەكە ری ، ترسنوكیک لەناو هەمو قەلاییچەكانی قەلای دمدما نەئەبینرا ، ئەوەی كەباری سەرشانی ئەم مەردانەی گران كردبی ،بی ئاوی بوچونكە بو شەوی دوایی كەویستیان شەبەیخونیكی تر بكەن وئاو بهینن ، سی چوار كوری لاوی ئازا هەر لەسەر پیلانە كەی شەوی بەروی عەودال بەگ رویشتن بەلام پاش چەند دەقیقەیەک لەدور كەوتنەوەیان لەقەلا هەمویان درانە بەر دەستریژی تفە



نگ وتاقە یەكیكیان نەبی بەبرینداری خوی گەیاندەوە قەلاكە ئەوانیتر هەر لەوی گیانیان سپارد ، بریندارەكەش هەر ئەمەندەی ووت :

ــ كەس نەچی ، كەسی تر مەنیرن بو سەركانی یەكە ، پاسەوانیكی زوری لی دانراوە ، خولە كیـهەكانیش سەركردەیانە .

هەر ئەمەی ووت و ئەویش گیانی پاكی سپارد و چوە لای ئاوە لەكانی تری .

ئیتر تا ئەهات بی ئاوی ورەی پی بەرئەدان ، روژ تا ئیواری لە جە نگابون ، شەو تا بەیانیش لەخوا ئەپارانەوە رزگاریان كات لەم تەنگو چەلەمە یە . . پیاویكی پیریان لەناوا بوو برا دوستی بو شەوان بە گورانی یەوە باسی ئەو ژیانە تالەی خویانی ئەووت بەرادەیەک كەتا ئیستاش لاوكی كوردستانە ، بەكورتی پاش مـانـگیک دەردو ئازار و خـنكاندن بارانیک باری . . بەلام رانیگی زورتەنانەت هەمو چالە ووشكەكانی ناو قەلا ، بەچالە بەفرەكانیشەوە پرربوو لەئاو ، كەباران خوشی كردەوە ئەمیرخان روی كردە سەردارەكا دەورو پشتی و ووتی :

ــ بەبیری من ئەم ئاوە بەشی تا سی مانگی ترمان ئەكات لەخوا بەزیاد بیت .

قەرەبەگ دوا بەدوای ئەو ووتی :

ــ میرم . . ئنجا چاوت لەجەنگی كوردانی برادوست بی . . با تیر ئاو ببن بزانە هیچ كەسیكیان گوللە بەفیرو ئەدات . ئەمیرخان زەردەخەنەیە گرتی :

ــ راستیە كەی ، ئەبی وابی ، چونكە پیویستمان بەفیشەک هەیەو هەر خواش ئەزانی ئەم شەرە تاكەی بەردەوام ئەبی . . چونكە قزلباش ئەوەندە زورن دوایان هەرنایەت ، بەلام شەریک لەریگای شەرەفا بیت ناوی شەهیدانی وون نابی . لەگەل یەكەم نەرەی ئەمیرخانا دەست كرا بەدەست ریژ. . . . . . بەشەرر . . شەریک كەهەر لەكورد بوەشیتەوە . سەرداری لەشكری دوشمن كەئەم

## ١٨

پەلاماردانە ناوەختەی دی وکەبوی دەرکەوت تائیستا کفتی بی ئاوی بون وا باران ئەوەشی بو چار کردن بەناچاری بریاری زەوت کردنی قەلاکەی دا بەهەر نرخیک بی .

هەمو سەر تیپ وپاوەرەکانی خوی گرد کردەوە وفەرمانی هیرشی دانی .. هیرشیکی بی گەرانەوە ، شەر کردن تا دوا سەرباز یان گرتنی قەلا .

بەم پی یە بەشیوەیەکی سوپایی ولەسەر ریگەیەکی ریک و پیک ، سەربازی پیادە لەپشت گالیسکەی پیچکەدارەوە وبەدوا لوولەی توپ وپەیژەی دریژ دریژەوە لەهەر چوارلاوە بەرەو روی قەلا هاتن .. هەرچەندە وەک گەلای دار لی یان ئەکەوت بەدەم گوللەی برادوستی یەکانەوە بەلام سەرداری قزلباش فەرمانی دابونی هەرکەسی بگەریتەوە بەدەستی خوی ئەیکوژی ... کاتی کە سەربازەکان زانیان لەهەردوو لاوە هەر کوشتنە ئیتر بەناچاری هەموهیزیکیان دایە بەرخویان کەبگەنە پەنا دیوارەکانی قەلا .. پاش یەک مانگی تەواو شەر کردن بەشەوو روژو چادر هەلدان لەنزیک قەلاوە و پەیژە دانان بوسەر قوللە کان وخستنە خوارەوەیان لەلایەن کوردەکانەوە .. پاش یەک مانگ ئنجا ئەو لەشکرە گەورەیە توانیان بورجی یە کەم بروخینن کەلەژیر فرمانی (قەرەبەگ) دابوو ، بورجی پیش مەرگەیان پی ئەووت .. بەزەبری بوردومان وباروتی توپ شەرر کەرە ئازاکانی ئەو قەلاییچەیە کوژران وشیوینەکەیان کەوتەدەست قزلباشە وە بەراستی کوشتنی قەرەبەگ برینیکی گەورەبو کرایە دلی ئەمیرخان هەروەک گرتنی بورجەکەش وداگیرکردنی لەلایەن قزلباشەوە بوو بەهوی ماتەمینی یەکی ناخوش لەلای هەمو شەر کەرەکانی قەلاوە ، بەلام وەنەبی هەرئەمان والە ناخوشیا بوبن بەلکو قزلباشیەکانیش بەسەر کوستی خویانا کەوتبوون چونکە (وەزیری اعظم معتمد الدولە) کەسەرداری هەمو لەشکری عەجەم بو هەربو ئەوشەوەی دوای جەنگی گرتنی بورجەکەی قەرە بەگ ، کوتو پرر مرد وە بە فرمانی شاهانە (محمد بەگی بیگدەلی) کرا بەسەردار وهات بوگرتنی قەلا !

*****

## ١٩

هاتنی سەرداری تازە جورە جولانەوەیەکی تازەی خستە ناو لەشکری عەجەمەوە ، لەهەموولا یەکەوە کەوتنە مەنجەنیق هاویشتن بوناوقەلاکە ، بومبا وەک خول دا ئەباری بەسەر کوردەکانا ، شا پلیتەی ئاگرینیان ئەکرد بەسەری تیرەکانەوە وبەجاری دووسەد سی سەدیکیان لی ئەهاویشت بوئەوەی پاریزەرە کانی ناو قەلا خویان خەریک بکەن بەئاگر کوژانەوە وئمانیش بکەونە بورج روخاندن ... بەم پی یە شەرگەرم بو ، گرمەو نالە نالی توپ تیکەل بەنرکەی تفەنگ و بریسکەی شیرو چریسکەی شاپلیتەی تیری ئاگراوی وزاق وزریقی منال ونەررەی شیرانەی کوردەکان بووبوو ، بەم بومبا بارانە قوللە بەدوای قوللەدا ؛ قەلاییچە بەدوای قەلاییچەدا ؛ بورج لەدوای بورج ئەروخینرا و هیزی خو پاراستن کەم ئەبوو ؛ لەبورجەکەی عەودال بەگا جەنگ لەئەوپەریدابو ، قیان ئەهات و ئەچو ئارام و سرەوتی نەبوو ؛ تفەنگی ئەمی دائەگرتەوە وئاوی ئەکرد بەدەم ئەوبریندارەوەوبرینی ئەپیچا وسندوقە فیشەکی ئەهینا یە بەردەمیان ، لەپریکا گوللەیەک لەبەرقولی چەپی عەودال بەگ کەوت لەکاتیکا کەقیان مە تارەیە ئاوی بەدەستەوەبو ئەیکرد بەدەمی زامداریکەوە گویی لی بو عەودال بەگ بانگی کرد ؛

ـ قیان تائیرەوەرە .

قیان بەپەلە خوی کوتایە لای عەودال بەگ ، کەسەیری کرد خوین لە قولی فیچقە ئەکات خیرا سەرپوشەکەی سەری خوی داگرت و دایدری و کەوتە پیچانەوەی بەدەم قولپی گریانەوە ووتی :.

ـ توخوا لەبەرمن ئاگات لەخوت بی ، خوت لەسەنگەرەکە باش قایم کە .

هیشتا لەقسەکەی نەبوبوەوە کەشلپەی شتیک هات وقیان کەوت بەسەر عەودال بەگا ، کەسەیری کرد گوللەیە وبەر سنگی کەوتوە وخوین وەک فوارە هەل ئەقولی ، بی ئەوەی گوی بداتە برینە کەی قولی خوی تفەنگە کەی هەلپە سارد وپەلاماری قیانی داو دای بەسەر شانی راستی یاو ووردە ووردە هینا یە

خواری بیبا بوقەلای نارین . کەپەریزاد خانی دایکی عەودال بەگ چاوی بە و سنگە سپی یە کەوت وئەو خوینە سوورە گەشەی پیا ئەهاتە خواری بەهەردوو چەپوک کیشای بەسەریاو بانگی لی‌هەلدا :

ــ قیان ! بووکی ناکامم ، کیژی بەئامانج نەگەیشتوم ، گوللەی ویل بو پیتەوە نووسا .

ناوقەلای نارین پەشوکا هەموو دەوری ئەوجیگایەیان‌دا کەقیانی لەسەر راکیشرابو . عەودال بەگیش بەقولی بریندارەوە لەژور سەریەوە دانیشتبوو بەسوزیکی نائومیدیەوە ئەیووت :

ــ دلداری پەیمان پەروەرم ! قوچی قوربانی کوردستان . . . نیشانەی خوبەخت کردنی کورد قیان گیان چاویک هەلبرره ! ئەوچاوە جوانانەی کە جاران ئەتووت چاوی ئاسکن ؛ ئەو چاوانەی کەلەهەمو کاتیکا پال پیوە نەرم بوون بو نەبەزاندن و کول نەدان . . ئەودەستە جوانانەی ئیستا زامی قولمی ئەبیچا بو وا بی‌هیز بوون ! گوللەی دوژمن لەکاری کردن . . .

ئیتر لەبەر گریانی منال و لاوانەوەی ژنان عەودال بەگ تواناى قسە کردنی نەما . . ئەوەندەی پی‌نەچووکە (قیان ) چاوەکانی هەلبری روو بەرووی عەودال بەگو دەستی خستە ناو دەستیەوە بەزور لەخوکردن ووتی :

ــ من ئەمویست بەبووکینی بیمە قەلای نارینەوە . . ئەوا هاتم ! ئەی خوت بەباوەشی خوت نەتهینام . . . ئەمەشەرەفیکی گەورەبوو بومن !

ــ قیان گیان . . بوهاتی . . بولیرەلای دایکم نەمایتەوە دوور لەشەرر .

ــ وامەلی . . سەرکردە پالەوانە کەم . . . ئەی من‌نەکوژریم وئەو لەتینوا نەخنکی‌ویەکیکی ترمان بریندار نەبی . . ئەی چون ئەم وولاتە جوانەرزگاری ئەبی !

ــ گیانی من . . با هەر ئیمە بکوژ راینایە . . با من برندار بومایە و تو لەژورسەرم بویتایە . . بو وات لە خوت کرد ؟ من چی بکەم ئیستا چی ؟ چون تولەی ئەم خوینە گەشەت بسینم ، ئەو گوللە ناهەموارە چی‌بو بە رئەو سنگە



سپیە کەت کەوت . . ئـەی ئەم دلوپە خوینانە ئەمەخشلی بووکینیتن قیان گیان !

ــ دلی خوت سەخلەت مە کە . . من واچدام بەرەو کوژاندنەوە ئەچی . . بەلام تو بچو بەلای قەلاکەتەوە شەر بکەن یان هەموتان ئەکوژرین یان سەر ئـەکەون . . . تولە ئەسینن ؛ گیانی قزلباش دەرئەهینن بەلام دەخیلتم هەرگیزپشت نەکەیتەدوژمن . . دوژمن‌ئامانی‌نیە . . هەر روو بەروویان بجەنگی . . باشە عەودال گیان .

ــ شەرتە پـەیمان بی تا ئەدریمە بەر گوللە هەر شەرر بکەم وتاگیانم تیدابی خوم نەدەم بەدەستەوە .

ــ ئای ئەوسەوزایی‌یەجوانەچیە؟ ئەوە کوردستانە . . ئای لەو بەهەشتە خوشە ئەوهەمو گولزارە چیە؟ ئەوەش حەوزی ئاوو فوارەیە . . ئەو کوترە سپیە جوانانە . . گوی بگرن ئەخوینن . . ئەوانەش پەرین لەناو ئاوەکەدا هاتون بو لای . . من .

" ئەمەی ووت وگیانی سپارد . . شیوەنیکی بەکول دەست پی کرا لەسەر لاشەی قیانی جوانە مەرگ "

عەودال بەگ بەدەم فرمیسکەوە هەناسەییکی هەلکیشا ووتی :

ــ ئەی شوخی ئازا ، بەو خوینە گەشەت کەئیستا رژا ، بەرەنگی ئالی برینی سنگت ، بەمەردایەتی ناو کوری جەنگت ، پەیمانت ئەدەمی . . پەیمان بەوگیانە پاکەی سپاردت کەماوە نەدەم گوللەیەکم بەفیرو بچی ، یەک و حەوت تولەت بسینم تاگیانم دەرئەچی وپیت شاد ئەبم ئەی بووکی خویناوی کوردستان !

لەو قسانە بوەوە یەک دوو پیاو چوونە ژیر بالی وبردیانە دەرەوە ئە ویش راست خوی کوتا بوسەرەوە بو قەلاکەی خوی دەستی دایەوە تفەنگەکەی ونیشانی خوی گرت لەدوژمن یەکی بەسەر پەیژەوە ، یەکیک بەسواری ، یەکیکی کە لەپشت لوولەی توپەوە ، یان لەپشتی گالیسکەوە ، یەک یەک ئەیخستنـــە

خواری ؛ ئاگای لەهچ نەمابوو . . تولە نەبی . . تولەی قیان . تەنانەت ئاگاشی لەوە نەبو کەوا بەرودوا پیاوەکانی لای خوی کەلە سەنگەرە کەدا لەگەلیان ، بوو زوریان نەماون ویەکەیەکە کوژراون وماوە خوش بوە بو دوژمن کەبەپەیژە سەر کەون بوسەر قەلاکە . هەرئەوەندەی زانی زریکەیەک هەلسا لەیەکی لەپیاوەکانی .

ــ عەودال بەگ کوژرای .

کەئاوری دایەوە سەیری کرد یەک پیاوی بەساغی نەماوەتەوە ئەوەیان نەبی کەزریکاندی ، ئەویش بریندارە وخولە کیهەکانی ناپاکیش بەشیریکەوە ویستویەتی لەپشتەوە ئەو بکوژی بەلام ئەو زریکەیە رای پەراند . . دەستی دایە شیرەکەی ولەکالانی دەرکیشا ورووو بەرووی خولە وەستاو ووتی :

ــ ئەی ناپاکی خوفروش . شەرت بی ئیستا دەردیکت بدەمی بەخەویش بەخەیالتا نەهاتبی . . تولەی هەزارەها جوانی وەک قیانت لی بسینم ؛ بت کەم بە نمونە بوهەمو خائنیک .

ــ بزانە چونت ئەنیرم بولای قیان . . دیارە بوو کەکەت کوژراوە بویە وا پەریشانی .

دەستیان کرد بەشەرە شیر بەدەم ئەوەوە لەپلیکانەکان ئەهاتنە خواری لەدوا پلەیا عەودال بەگ بەدەسیکی شیرەکەی خولەی توند کرد لە دویوارە کە ، ئارەقی شین‌وموری پی کردەوە ، بەلام ناپاکە لەژیرەوە قاچی بەرز کردەوە دای بە سەر سنگی عەودال بەگا ودای بەزەویا ، پیش ئەوەی شیرە کەی بکا بەسنگیا ئەووەک کیج راپەری و کەوتنەوە جەنگ ، ئەوەندەی پی نەچو کە خولە کیهەکانی لەپرتاوی شیروەشاندنیکا ، بوسەرسنگی عەودال بە گ ،شیرە کەی چووبەودیوارەدا کە عەودال بەگ پشتی پیوە نابو ، بەلام شیرە کەی عەودا ل بەگچووبەوورگی خولەی کونە نوکەریا وبەلادا هات ، شیرەکەی دەر هینایەوە وبەپشتینەکەی خولە سری و ئەیویست سەرکەوی بو قەلاییچەیەک کە (ئاودال بەگی ) تیا بونەیزانی زوری بورجەکان روخینراوون وعەجەم هاتونەتە ژوری قە لاکانەوە وەختیکی زانی تەقەی گوللەیەک هات وئازاری بەپشتی گەپشت ، کە



ئاوری دایەوە بوی دەرکەت ئەمە گوللەی قزلباش بو پیکای لەپشتەوە هەناسە یەکی هەلکیشاو قیانی بیرکەوتەوە کەلەسەرە مەرگا پیی ئەووت :

ــ پشت مەکەرە دوژمن .

ئیتر پالی دا بەوپلیکانەیەوە وخورر خورر خوین لەپشتی تافە تافی بو ، کەسیش ئاگای لەکەس نەبو ئەوەندەی زانی قەلاکەی پشتی یەوە هەرەسی هینا بەبومبا باران وکەوتە ژیریەوە هەرئەوەندەی لەدەم هاتە دەر :

ــ هاتم‌قیان گیان ! هاتم بولات بەبەرگی خوینینەوە . بەلام گەلی کورد خوینم وون ناکات .

*****

لەم کاتەدا کەواقەلای دمدم بەرەو روخاندن ئەچو ؛ سەرداری عەجەم بیستی کەمەلا ئەحمەدی بادینانی بەسی هەزار سوارەوە بە ریوەیە بویارمەتی کوردانی ناوقەلا . . لەبەرئەوە عەجەمەکان ویستیان پیلان بەکار بهینن ، داوایان لەئەمیرخان کرد کەتەسلیم بی بەلام ئەمیر وەلامی ئەمە بوو :

ــ تا تەرمە کەم نەبەنە دەری ، دەرگای قەلا بو دوژمن ناکەمەوە .

ــ باشە باشەرر بوەستینین و پیک بیین .

ــ بەمەیان رازیم بەوشەرتەی قەلاکەم لەگەلا چاک بکریتەوە وهەربە دەست خومەوە بمینی وچەتەی چەلالیش لەکوردستانا نیشتە جی نەبی .

ــ باشە قەرمون با بینوسین و موری کەین .

ئەمیرخان تەنیا قەلای نارینی بەدەستەوە مابو ، جگە لەوەش بەم هاتنەی مەلای بادینانی نەزانیبو ، لەبەرئەوە لەسەر ئەو مەرجانە پیک‌هاتن وبەچەک وشیر و تیری تەواویانەوە هاتنە خواری لەبارەگای محمد بەگی بیگدەلی یا سەنەدیان تووسی وموریان کرد ، سەرداری عەجەم بەچەند سواریکا نمونە یەکی سەنەدەکەی بەئیمزای ئەمیرخان نارد بومەلا ئەحمەدی بادینانی کەئەرکی هاتن‌نەکیشی وا جەنگ بەرپابو ، وەئاشتی کەوتە بەینەوە . . هەرئەوەندە ئەمە یان جی بەجی کرد چەند پیاویکیان ناردە ئەو چادرەی کەهەندی لەسەردارە

## ٢٤

کانی برادۆستی تیابو داوایان لێ کـردن کەچەکانیان لەخۆیان بکەنەوە دنیاگەرمەوماندووئەبن . . بەڵام ئەم مەردانە تێگەیشتن کەئەمە داوە بۆیان ئەنێنەوە . ئەوەندەی پێ نەچو کەناچار بون لەناو جەرگەی لەشکری دوژمنا دەست بدەنەوە شیروڕوو بەرووی یەک شەڕێکی قارەمانانە بکەن . . هەرچەندە زۆریان لێ کوشتن بەڵام زۆربون لەدوایی نەئەهاتن لەئەنجاما سەراپا لەئەمیر خانەوە، تا هەمو سەردارەکان وپیاوانی برادۆست مەردانە کوژران وزیندە وە ریان لێ دەرنەچوو چونکە قزڵباشی یەکان سڵیان لەکوشتنی ژن و منالیش نە ئەکرد .

بەم پێیەقەڵای دمدم کەنیشانەی مەردایەتی وقارەمانی موکری بینی‌یە لەکۆتاییدا لاشەی پیرۆزی ئەوشەهیدانەشی گرتە باوەش ولەخاکەڕەنگینە کەیا ، هەر بەجلە خویناوی یەکانیانەوە شاررانەوە .

بەڵێ ، لەخاکی کوردستانا نێژران ، نیشانەی کۆڵنەدان و جەنگاوەریتی نەتەوەی کوردە لەپێناوی ئازادی کوردو کوردستانا .

سلیمانی : ٩٥٨٩/١٠

*****